# روداوەکانی بادینان چییان پێوتین؟

د. هێرش رەسوڵ

پێویستە سەرەتا خۆمان لەو راستییە تاڵە لانەدەین، کە روداوەکانی سەرەتای ئەم مانگەی ناوچەی بادینان (لەهەڵکوتانەسەر دوکانەکانی مەیفرۆشتن‌و شوێنەکانی مەساجەوە بۆ هەڵکوتانەسەر بارەگاکانی یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان‌و سوتاندنیان‌و دەستگیرکردنی کادرو ئەندامانی ئەو حزبە) روداوگەلێکی بێ پێشینەو رەگوریشە نین‌و بێگومان دواڕوداویش نابن، چونکە زۆر بەتوندی بەرایەڵی کەڵچەری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئاینیی کۆمەڵگەی کوردستانەوە بەستراونەتەوە.

کەواتە راستەوخۆش کاریگەرییان بەسەر واقیعی ژیانی خەڵك‌و پەیوەندیی سیاسی‌و هاوکێشەو ململانێ حزبەییەکانیشەوە هەیە، وەکچۆن کار لەناو و سومعەی هەرێمیش لەئاستی نێودەوڵەتیدا دەکات. بۆیە دەکرێ لێرەدا بەکورتی دەرهاویشتەکانی ئەو روداوانە دەستنیشان بکەین، کە ئەمەیش یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتنێکی ئاسانتر لەواقیعی ئەمڕۆی هەرێم.

روداوەکانی چەند رۆژی رابردوی بادینان هەندێ هەقیقەتیان لەلا تۆخکردینەوە، وێڕای ئەوەی هەندێ راستیی نوێشیان پێوتین، لەوانە:

* ئازادیی سیاسی‌و فرەیی لەناوچەکانی هەردو پارێزگای دهۆك‌و هەولێر (کە بەگوێرەی دابەشکارییەکەی ئەنجامی شەڕی ناوخۆ بەناوچەی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان ناسراوە) لەژێر مەترسیدایەو لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر ناکۆکییەکیشدا مەترسییەکان قوڵتردەبنەوە. هەروەك لەکۆتایی 2005 و لەوادەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا بارەگاکانی یەکگرتو سوتێنران‌و چەند کادرو بەرپرسێکی باڵاشیان کوژرا. دوای روداوەکانی 17ی شوباتی ئەمساڵیش چەند بارەگایەکی بزوتنەوەی گۆڕان لەنێو شاری هەولێر سوتێنران. تاکو دەگاتە رێگرتنی سەرسەختانە لەئەنجامدانی خۆپیشاندان‌و ناڕەزایی جەماوەری لەو ناوچانەدا..

* حزب لەهەرێمی کوردستادا (بەدەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنیشەوە) هێشتا ئامانجە نەك ئامراز،و خاوەنی هەژمونی بەهێزی خۆیەتی‌و، ئەوەی دەوترێ "ئیتر لەکوردستاندا خەڵك‌و شەقام

ئاراستەی روداوەکان دەکات"، قسەیەکە لەسنورێکی زۆر تەسکدا دەتوانێت راستیی خۆی بسەلمێنێت، دەنا لەسەر زەمینی واقیع سیحرەکەی بەتاڵدەبێتەوە.

* پارتی دیموکراتی کوردستان (کە بەپێی هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستانو عیراق هێزی یەکەمی هەرێمەو زۆرینەیەو سەرۆکەی حاکمی هەرێمەکەیە)، غرورێکی زۆری سیاسی گرتویەتیو ئەمەیش وایکردوە بێباکانەو بەعەقڵیەتی جارانی (پارتی پێشڕەو) مامەڵە بکاتو، بۆ چەندەمینجار بارەگای حزبە سیاسییەکان لەسنوری دەسەڵاتەکەیدا (دهۆکو هەولێر) بسوتێنێتو رێگە لەخۆپیشاندانو ناڕەزایەتییەکان بگرێت. وەکچۆن کێشەو ناکۆکییە ناوخۆییە خەفەکراوەکانیشی بەجۆرێ لەجۆرەکان هۆکاری هەندێ لەمامەڵەکردنەکانین. ئەمەیش ئاسۆی هاتنەکایەی سیستمی تاکحزبی دەردەخاتو "ئەزمونەکە" زیاتر دەباتە دواوە.

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کە لەئەنجامی کێشەو ناکۆکییە ناوخۆییەکانو جیابونەوەی باڵێکی گەورە لێیو دواتر دروستبونی بزوتنەوەی گۆڕان-ەوە نفوزی کەمبۆتەوەو تەرازوەکەی لەئاست هاوپەیمانە ستراتیژەکەیدا -پارتی- لاسەنگ بوە) لەم پێشهاتەدا کەوتۆتە نێوان دو بەرداشەوە، لەلایەك خواستێکی زۆر (وەکچۆن لەروداوەکانی 17ی شوباتو دواتریش بەئاشکرا دەرکەوت) لەنێو هەوادارو ئەندامو کادرانی ناوەندیو بەشێك لەسەرکردایەتیو مەکتەب سیاسییەکەی بۆ گۆڕانکاری لەگوتارو ستراتیژی حزبەکەو چاکسازیو هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی ستراتیژی هەیە، تەنانەت بەپێی زانیاریی سەرچاوەکانی هەواڵ بەرپرسانی باڵای یەکێتی بەتوندی ئیدانەی روداوەکەیان کردو هاوسۆزیی خۆیان بۆ یەکگرتو دەربڕی، هەروا بەشێکی زۆری لایەنگرو ئەندامانیشی بەشداریی گردبونەوەکانی یەکگرتویان کردوە بۆ ئیدانەکردنی روداوەکانی بادینان. لەلاکەی تریشەوە لەژێر فشاری هاوپەیمانەکەیدایە کە لەو پێشهاتەدا هاوهەڵویستی بێتو پارتی بەتەنیا جێنەهێڵێت!.

* سەرۆکی هەرێمی کوردستان (کە هاوکات سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشەو دەستبەرداری پۆستە حزبییەکەی نەبوە) لەلێدوانو بڕیارەکانیدا پتر وەك پۆستە حزبییەکەی دەرکەوتو کەمتر بێلایەنی پێوە بینرا. (هەروەك پێشتریش بۆ سەرکەوتنی بڕیارێکی خۆیشی سەبارەت بەروداوەکانی 17ی شوبات ئامادەنیە بەرپرسێکی باڵای حزبەکەی کە یەکێکە لەتۆمەتباران رادەستی دادگا بکات!).

* سیستمی سیاسیی هەرێم پێچەوانەی ئەوەی لەرەشنوسی دەستورەکەیدا نوسراوە سەرۆکایەتییە نەك پارلەمانی! چونکە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لەهی پارلەمان بەهێزترو کاراترە، ئەمەیش دیارە بە چ ئاقارێکی ترسناکی دیکتاتۆریو تاکڕەویمان دەسپێرێت.
* پارلەمان جگە لەشوێنی کۆبونەوەی کۆمەڵێ کادرو ئەندامو هەوادری حزبەکانو دەرچواندنی یاسا (کە بەشێکیان جێبەجێناکرێن) چیتر نیەو دەسەڵاتو هێزی چاودێرکاری (ریقابی) ی نیە.
* هێشتا مۆرکی دو ئیدارەیی بەسیمای حکومەتی هەرێمو بەگوتاری راگەیاندنی هەردو حزبە فەرمانڕەواکەوە ماوە، تا بەئێستاش دەگات ناوچەو شارەکان بەهەژمونو دەسەڵاتی یەکێك لەو دو حزبەوە دەناسرێنەوە.
* سەروەریی یاسا لەهەرێمی کوردستاندا لەژێر پرسیاری جیددیدایەو (دادوەری) دەسەڵاتیکی ئەوتۆی نیە.
* هەرسێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) لێکجیاکراوەو سەربەخۆنینو تائەندازەیەکی زۆریش هەژمونی حزبیان لەسەرەو، بڕیارەکانی نێو کۆبونەوە داخراوەکانی مەکتەبی سیاسیی حزبەکان هەڵیاندەسوڕێنن.
* ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی تەمەنێکی کەمی هەیەو ئاستەنگی زۆر لەبەردەمدایە، بەڵام هێشتا شەرمنو ناکارایەو وەك بەختیار عەلی دەڵێت "ئۆپۆزسیۆنی حاکمە نەك سیستم"، لەکاتێکدا دەبوایە بێجیاوازیی کاتو شوێن هەڵوێستی جیددیو بابەتیو کردارییان لەهەمبەر روداوەکان هەبوایەو لەپێناو هەندێ دەستکەوتی مادیو بچکۆلەو بێ ئەرزش سازشیان لەسەر خواستە دیموکراسییەکان نەکردایەو نەبونایە بەهۆکاری بەردەوامیی سیستمەکە.
* ئەو رێککەوتنەی یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان لەسەر روداوەکەی 2005 لەگەڵ پارتی بەقەرەبوکردنەوەی مادی کردی، ئەوەندەی وەك سازشێکی ئاشکراو بێبەها دەرکەوت ئەوەندە نەبوە بەرهەمی سیاسەتێکی حەکیمانە، بۆیە جارێکیتر یەکگرتوی دوچاری هەمان کێشە کردەوە.
* رایەڵی نزیکبونەوەی حزبە ئیسلامییەکان (بەتایبەت یەکگرتو)و پارتی پچڕاندو کۆمەڵو یەکگرتوی زیاتر خزاندەوە باوەشی بزوتنەوەی گۆڕان.
* هێشتاش خراپبەکارهێنانی گەنجانی کوردستان بۆ ئامانجی سیاسیو ئایدۆلۆژیو لەپێناو یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە حزبییەکاندا لەلایەن حزبی کوردییەوە (بەفەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆنەوە) ماوەو بەڕونی دەبینرێت.

* رەوشی ماف مرۆڤو پاراستنی ماف کەمە ئاینییەکانو پێکەوەژیانو یەکترقبوڵکردن لەهەرێمی کوردستاندا لەئاستێکی خراپو لەژێر مەترسیدایە.

* ئاسایشی هەرێم تاڕادەیەکی زۆر وەك ئاسایشی حزب دەردەکەوێو مامەڵەدەکات، بەمەیش ئاسایشی هاوڵاتیانی کوردستان کەوتۆتە مەترسییەوە.

* هێشتا بەهۆی زاڵیی کەڵچەری ئاینیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستانەوە نوخبەی ئاینی کە مەلاکانن کاریگەرترین چینو توێژی کۆمەڵگەن، ئەمەیش وایکردوە زۆرجار هەندێ مەلای نەخوێندەوار، ئاین بۆ چەواشەکارىو پشێویی کۆمەڵایەتیو بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان بەکاربهێنن. یان هەندێجار مەلای نەخوێندەوار بۆ ئامانجی ناتەندروست بەکاربهێنرێن. هەروەها هەندێجار حزبە ئیسلامییەکانیش (بەو حزبەیشی ئێستا ئازادیی رێکخراوبونی بەرتەسککراوەتەوە) خۆیان بەشێکی گەورەبون لەهەڵمەتی بەرتەسککرنەوەی پانتایی ئازادیی رادەربڕینو تەحریمکردنی جیاوازییەکان.

* وەکچۆن لەنەوەدەکاندا کاتێك جەولەیەکی نوێی شەڕی ناوخۆ دەستیپێکردەوە میدیاکانی یەکێتیو پارتی تیژترو کاراتر دەبون، لەم پێشهاتەشدا بەهەمان نەفەسی ئەوێ رۆژێو بێ گوێدانە بنەماکانی ئێتیكو یاسای راگەیاندن، میدیای هەردو لایەنی ناکۆك (پارتیو یەکگرتو) دەستبەکاربونەوە، ئەمە جگەوەی هەندێ میدیاکاری یەکێتیو پارتی-یش کەوتنەوە شەڕێکی سارد بەرامبەر یەکتر.